هارۆکی مۆراکامی

# سەفیری ئەدەبی مۆدێرنی ژاپۆنی

باران ئەردەڵان عەبدوڵڵا



هەتاوەکو ئەمڕۆش هیچ نووسەرێکی ژاپۆنی و ئاسیاوی هێندەی هاروکی موراکامی شۆرەت و ناوبانگێکی جیهانی وا مەزنی نەبووە. مۆراکامی یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی ژاپۆن و ئاسیا ، کە ڕۆمانەکانی هەموو جیهانی سەرسامکردووە. بەرهەمەکانی بۆ زیاتر لە 40 زمانی جیهانی وەرگێڕاون. بەرهەمە دواییەکەی 1984 کە ساڵی 2010 چاپیکرد، گەورەترین وپڕ فرۆشترین کتێبی جیهان بوو. تەنها لە فەرەنسا لەیەکەم مانگدا 70 هەزار نووسخەی لێفرۆشرا. لەئەمریکا و ئینگلتەرا، کتێبخانەکان هەتا نیوەی شەو دەرگای کتێبخانەکانیان دانەخست ، چونکە خەڵکی بە لێشاو دەهاتن بۆ کڕینی ئەم ڕۆمانە.

هەموو ئەمانە وامان لێدەکات کە ناچاربین بەدوای سیحری ئەم شۆرەت و ناوبانگە بێوێنەیە بگەڕێین. ئاخۆ هۆی چییە هێندە جیهان سەرسامی بەرهەمەکانی هاروکی مۆراکامییە؟. بۆ ئێمە گرنگە لەو هۆکارانە بگەین، بۆئەوەی بتوانین سوودی لێوەربگرین و موراکامیش ببێتە مامۆستامان بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاست و دروستی ئەدەبمان پێ پیشان بدات .

## گەشتێکی کورتی ژیان:

هاروکی موراکامی لە 12 کانونی دووەمی 1949 لە شارە دێرینەکەی کیۆتۆ لەدایکبووە. باوکی لە خێزانێکی ئاینی بوذی گەورە بووە، باوکی ( واتە باپیری مۆراکامی) پیاوێکی ئاینی بوذی بووە. دایکیشی لەیەکێک لە خێزانە دەوڵەمەند و بازرگانەکانی شاری ئۆساکا بووە. باوک و دایکی هەردووکیان عاشقی ئەدەبی کۆنی ژاپۆنی بوون و شارەزایی باشیان هەبووە. پاش ماوەیەک ماڵیان بۆ بەندەری کوبە دەگوێزرێتەوە. موراکامی بە پێچەوانەی دایک وباوکییەوە ، عاشقی ئەدەب و فەرهەنگی ئەمریکی دەبێت. دیارە دەبێت ئەوەش بڵێم کەلەم شارەدا بنکەیەکی سەربازی گەورەی ئەمریکی لێ بووە. ئەمەش تاڕادەیەکی زۆر کاریگەری هەبووە. هەر لەمنداڵییەوە موراکامی حەزی بە موزیکی جازی ئەمریکی بووە. دیارە ئەمریکا کاتێک ژاپۆنی داگیرکرد ، تەنها لە ڕووی سەربازییەوە داگیری نەکرد، بەڵکە هەوڵیدا کولتووری خۆشی بەسەر ئەم وڵاتە مەزن و کۆنەی ئاسیادا بسەپێنێت، بەڵام خۆشبەختانە تەنها توێژێکی کەمی ژاپۆنی بوونە هۆگری کولتووری ئەمریکی ، بەداخەوە موراکامیش یەکێکە لەو کەسانە. موراکامی بۆ تەواوکردنی خوێندن دەچێتە تۆکیۆ و لەوێ لە زانکۆی تۆکیۆ شانۆ دەخوێنێت.

## لە بارمانییەوە بۆ جیهانی ئەدەب:

جێگای گووتنە بەشێکی زۆری نووسەرە مەزنەکانی جیهان ، لەسەرەتای ژیانیاندا پێش ئەوەی تێکەڵی جیهانی ئەدەب بن ، لەناو عالەمێکی زۆر سەیردا ژیاون ، بۆ نموونە دۆستیۆفسکی کە بە پێغەمبەری گەورەی ئەدەب دادەنرێت ، لەسەرەتای ژیانیدا عەسکەربووەو پاشان هەتا بڵێیت کەسێکی قوومارچیش بووە. ئەوەی جێگای سەرنجم بوو، کە موراکامی سەرەتا لە نێوان ساڵانی 1974 هەتا 1982 باڕی هەبووە26. ئەم بارە تایبەتییەکی تێدابووە، ئەویش تەنها موزیکی جازی لێداوە. دیارە ئەم قۆناغە تایبەتیەی ژیانی لە ڕۆمانی ( خۆشەویستی ترسناک) ڕەنگی داوەتەوە، کەپاشتر بە درێژی باسی لێوە دەکەم .

## یەکەمین ڕۆمان :

« من دەتوانم ڕۆمانێک بنووسم »

پاش ئەوەی لە جیهانی ئەدەب و رۆماندا قاڵبوویەوەو دوای خوێندنەوەی کۆمەڵێک رۆمان بەتایبەت ئەمریکی، هەروەها پاش وەرگێرانی کۆمەڵێک رۆمانی ئەمریکی ،لە ئەپریلی 1978 دا لە دوای یارییەکی بیسبۆڵ ، هاروکی موراکامی بڕیارێکی گرنگیدا :

( بەڵێ من دەتوانم ڕۆمانێک بنووسم) .

زۆرجار بڕیارێک دەتوانێت ژیانی مرۆڤێک بەتەواوەتی بگۆڕێت و لە عالەمێکەوە بۆ عالەمێکی تەواو جیاواز ژیانی بگۆرێت. ئەم بڕیارەی موراکامیش توانی ژیانی خۆی و ئەدەبی ژاپۆنیش بگۆڕێت.

هەرلەساڵی 1978 خۆی بۆ نووسینی ڕۆمانێک ئامادەکرد. جێگای ئاماژەیە ئەم رۆمانە ساڵی 1979 تەواکرد و چاپیکرد، رۆمانەکەشی بەناوی («Hear the Wind Sing».، گوێبگرە بۆ گۆرانی با).

**وەرگێڕان:**

خاڵێکی تر کە موراکامی دەسترەنگینی خۆی تێدا تاقیکردۆتەوە، ژانری وەرگێرانە. موراکامی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی ئەمریکی لە ئینگلیزیەوە کردووە بە ژاپۆنی لەوانە رۆمانەکانی (Paul Theraux, C.D.B. Bryan, Tim Brien, Mikal Gilmore, Mark Strand, Grace Paley, Bill Crow ) .

هەروەک خۆشی لەیەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێت:

(وەرگێران زیاتر وەکو ئارەزوویەکی تایبەتی خۆم وایە و وەک کار تەماشای ناکەم ، بەڵکە زیاتر چێژی لێوەردەگرم)

**شێوازی نووسین:**

یەکێک لەو خاڵە گرنگانەی کە بۆتە هۆی سەرکەوتنی ئەم نووسەرە ژاپۆنییە، شێوازی نووسینی رۆمانەکانیەتی . موراکامی هیچ خۆی ناداتە بەر رێگای زمانێکی قوورس و ئاڵۆز ، بەڵکە لە رێگای زمانێکی ئاسان و سادەوە






، کەهەموو خەڵکێک دەتوانێت لێیتێبگات، ڕۆمانەکانی دەنووسێت. دەتوانم بڵێم شێوازی نوسینی موراکامی ڕێک هەمان شێوازی نووسینە، کە تۆڵستۆی پێ نووسیوە. دیارە موراکامی زۆر خوێنەرێکی جددی تۆڵستۆی بووەو کاری تێکردووە. موراکامی وەکو تۆڵستۆی کۆمەڵێک باسی گرنگی ژیانی ڕۆژانەمان ، بە زمانێکی سادەو ساکار بۆ باسدەکات .

موراکامی لە بنەما سەرەکییەکانی رۆماندا، شارەزاییەکی ئێجگار باشی هەیە لەوانە:( داڕشتنی چیرۆکەکان، بەردەوامی، گرێی ئەدەبی ڕەگەزی کتووپڕ، دروستکردنی وێنە وڕستەی شیعری، ڕیزبەندی، دیالۆگ، مۆنۆلۆگ، وێنەی هەمەجۆرەی ژیان، هەڵبژاردنی چیرۆک و پاڵەوان و کەسایەتییەکان) لەهەموو ئەم ڕەگەزانەدا دەستێکی ئێجگار باڵای هەیە. هەموو ئەمانەش وایکردووە، کە رۆمانەکانی ببێتە سحرێک و خوێنەران بۆ خۆیان ڕابکێشێت.

جێگای وتنە لە رۆماندا تەنها چیرۆک گرنگ نییە، بەڵکە شێوازی نووسینی ڕۆمانەکەش گرنگە، چونکە گەر تۆ چیرۆکەکەشت بەهێزبێت ، بەڵام گەر نەزانیت چۆن ئەم چیرۆکە بە شێوازێکی باشی رۆمان دایبرێژیت ، ئەوا ناتوانیت رۆمانکی باش بەرهەم بهێنیت. ڕۆمان وەکوو دروستکردنی خانوویەک وایە ، با تۆ بەردی مەرمەڕ و چیمەنتۆی باشت هەبێت، بەڵام گەر نەزانیت ئەم کەرەستە خاوانە بەکاربهێنیت، بەدڵنیاییەوە ناتوانیت خانوویەکی باش و جوان دروستبکەیت .

## ئەو بابەتە گرنگانەی کە بوونە جێگای بایەخی موراکامی

هەموو نووسەرێک کۆمەڵێک بابەت دەکاتە ڕێگایەک بۆ خۆی، یان بە واتایەکی تر مەبەستێک دەکاتە خوری خۆی و لەژێر تیشکی ئەو خۆرەدا دەژی . زۆرجاریش ڕۆماننووس هەیە تەنها یەک بابەت دەکاتە جێگای گرنگی خۆی بۆ نموونە ژنە نووسەری مەزنی ئینگلیزی ( ئاگاتا کرستی) تەنها تاوان و کریمیناڵی بابەتی گرنگی ئەو بوون.

بەڵام موراکامی بە پێچەوانەوە کۆمەڵێک بابەتی گرنگ جێگای بایەخی **ئەون و کاری لەسەر کردوون لەوانە :**



( خۆشەویستی ، شەڕی نەوەی نوێ و کۆن ، سێکس، سروشت و کەشووهەوا، تەنهایی، خۆکووشتن ، نۆستالۆژی ، چاکەو خراپە،شەڕو ئاشتی، سۆسیالیزم و کەپیتالیزم، خۆپیشاندانی خوێندکارانی 1968 ، منداڵ بەگشتی و منداڵی تاقانە بەتایبەتی ،») کۆمەڵێک بابەتی تر .

## نۆستالۆژیا

یەکێک لەو خاڵانەی کەلە ڕۆمانەکانیدا هەستمپێکرد، نۆستالۆژی پانتاییەکی زۆری ڕۆمانەکانی داگیردەکات . گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و خوێندکاری ، بابەتێکن کەلە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا بوونیان هەیە. کاتێک ڕۆمانی « دارستانی نۆرویژی) دەخوێنیتەوە ، سەیر دەکەیت ئەم ڕۆمانە بە فلاش باگ بۆ قۆناغەکانی سەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە. لە ڕۆمانی ( خۆشەویستییەکی ترسناک)دا ، هەر بەهەمان شێوە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی منداڵی . تەنانەت لە دواهەمین بەرهەمیشیدا ( 1984) دا دیسانەوە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی منداڵی . نۆستالۆژی بابەتێکە کە پانتاییەکی زۆری لە بەرهەمەکانی موراکامی داگیرکردووە.

## نەوەی 1968

موراکامی یەکێکە لە نەوەکانی 68 . واتە نەوەی خۆپیشاندانە گەورەکانی ساڵانی 1968 . ئەو نەوەیەی کە عاشقی گیڤارا و ماوتسیتوونگ و هۆشیمنە بوو. ئەو نەوەیەی کە دژی کەپیتالیزم ڕۆژانە دەرژانە سەر شەقامەکان . ئەوانەی کەتاسەر ئێسقان دوژمنی ئەمریکا بوون و دۆستی ڤێتنام بوون. ئەوانەی کە شۆرشی کولتووریان کرد و دژ بە کولتووری کۆن خەباتییانکرد. ئەم نەوەیە لەهەموو نەوەکانی تر جێگای باس ولێکۆڵینەوەی خەڵکانی مێژوویی و ئەدەبی و فەلسەفین. نەوەی 68 یش پانتاییەکی ئێجگار گەورەی لە بەرهەمەکانی موراکامی داگیرکردووە. ئەمەش بە ڕوونی لە هەردوو ڕۆمانەکەی (دارستانی نۆرویژی ، خۆشەویستییەکی ترسناک) دا هەستم پێکرد.

## خۆکووشتن

بەپێی دواهەمین ئامار ، ژاپۆن یەکەمین وڵاتە لە ڕێژەی خۆکوشتندا. بۆ هەر سەد هەزار کەس 24 کەس خۆی دەکوژێت. لە حاڵەتێکدا لە ئەمریکا بۆ سەد هەزار کەس 11 کەس خۆی دەکوژێت. تەنها لەم چەند ساڵەی دواییدا نزیکەی 4850 کەس لە ژاپۆن خۆیان کوشتوە، کەتەمەنیان لە نێوان 30 بۆ 39 ساڵیدایە .

دیاردەی خۆکوشتن یەکێکە لە کێشە کۆمەڵایەتییە گەورەکانی ئەمڕۆی ژاپۆن ، بەتایبەت پاش ئەم تەنگەژە ئابووریە زۆر بەهێزبووە. دیارە ئەدەب ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایە، لەبەر ئەوە خۆکووشتن پانتاییەکی گەورە لە کارەکانی موراکامی داگیردەکات.

## زاڵبوونی کولتووری ئەمریکی و ئوروپی

بە پێچەوانەی نووسەرانی تری ژاپۆنەوە موراکامی زۆر بە کولتووری ئەمریکی سەرسامە. بگرە ئەو دەروێشێکی موزیکی جاز و ئەدەبی ئەمریکییە. دیارە هەر ئەم عیشق و هۆگریەی بۆ ئەدەبی ئەمریکی و ئوروپیش ، خاڵێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی کەلە ڕۆژئاوادا بەو شێوەییە ئیهتمامی پێ دەدەدن. چونکە ڕۆژئاواییەکان موراکامی بە درێژەپێدەری کولتووری خۆیان دەزانن. موراکامی بە پێچەوانەی نووسەرانی پێش خۆی کەهەموویان دژ بە ئەمریکا بوون، بەڵام ئەم یەکێکە لە سەفیرەکانی ئەمریکا لە ژاپۆن . ئەمەش وایکردووە

هەرۆکی مۆراکامی

لە میدیاکانی ڕۆژئاوادا ریکلامێکی زۆر بۆ کارەکانی بکەن، تەنانەت کۆمەڵێک خەڵاتی باشیشی وەرگرتووە.

لەلایەکی ترەوەموزیکی« جاز و رۆک» زۆر کاریتێکردووە. من ئەم کاریگەرییەم لە رۆمانی « خۆشەویستێکی ترسناک» دا بە زەقی بینیم.

پێش کۆتایی

بمانەوێت یان نا، ئەمڕۆ موراکامی یەکێکە لەناوە ناسراوەکانی جیهانی ئەدەب و کەم دەوڵەتی جیهانیش هەیە، بەرهەمەکانی ئەم کەڵە نوسەرەی ژاپۆنیان وەرنەگێڕابێت، هیوادارم هەموو کتێبەکانی بکرێتە کوردی، چونکە چ لەڕووی بابەت چ لە ڕووی شێوازی نووسینەوە، بەرهەمەکانی موراکامی سوود بە کتێبخانەی کوردی دەگەیەنێت.

**سەرچاوەکان:**


1. www. Faz. Net. Hariki murakami 1Q84.Die Sünden der Väter

2.مکتبات امریکا ولندن تفتح عند منتصف الیل من اجل روایة یابانیة. سایتی بی بی سی .17.10.2011

3.دیدارێک لەگەڵ هاروکی موراکامی . وەرگێڕانی : پێشەوا فەتاح . ڕۆژنامەی ئاسۆی ئەدەب. ژمارە 1438. سێشەممە. 05.04.2011

4.www. Leselust.de. .Haruki Murakami/

5.ژاپۆن لە خۆکوشتندا یەکەمە. سایتی سبەی . 24.10.2011






شیعر